كۆلێژی هونەرەجوانەكان/ هەولێر
بەشی موزیك

بابەت/ ڕێبازەكانی توێژینەوەی زانستی
سمینار

# بەكارهێنانی گۆرانی لە شیوەن و شین و لاوانەوەدا

پێشكەشكردنی
چیایی كمال سعدی

2021 ـ 2020
هەولێر

# پێشەکی

لاواندنەوە دەربڕینی هەستی مرۆڤـە لـە ساتە وەختـی مـردن و ماڵئـاوایی کردنـی یەکجاری لە ئازیز و دۆست و خۆشەویستان، هەڵبەتە هـیچ تـاکیکی ئـەم کۆمەڵگایـەش بێبەش نـەبووە لـە دابـران لـە ئـازیز و خۆشەویسـتانی، بۆیـە لـەکاتی پرسـەکاندا ئـەو لاواندنـەوە و شـین و شـەپۆڕەی کـە گـوێ بیسـتی بوینـە تـاك و ئێسـتاش لـە هـزر و بیرەوەریمان ماونەتەوە و دەرناچن، لەوانەیە هەر ئەوەش بەس نەبیت کـە لـە هـۆش و بیر و هزرمان بمێنێ تەوە، چونکە هەروەك روون و ئاشکرایە پێشوە چونی مرۆڤایـەتی و گۆرانکاری لـە دابـوو نـەریت، کـاری گـەری هـەبووە لەسـەر گـۆرانی برسـە و شـین و لاوانەوەکانیش و بونەتە هۆکاری لـەناو چـون و نـەمانی ئـەم دیـاردە کۆمەڵایەتیـە لـە لایـەك، وە بیرچـوونەوەی بەشـێکی تـری گـرینگ لـەناو بەشـەکانی هونـەر و گـۆرانی و ئەدەب و فەرامۆش کردنیان لەلایەکی تر .

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژووی لە ڕێو ڕەسمەکانی شیوەن و شین و لاواندنەوە

بۆ گەڕان و دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی سەرەتاکانی ڕێو ڕەسمی شین و لاوانەوە و شیوەن، ئەبێ پشت بەسەرچاوە مێژووییە کۆنەکان ببەستین، ئەم بارەشەوە دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، ئەمەی ڕوون کردۆتەوە کە کۆنترین شیعر کە مێژوو ئاگاداری بێ ئەو شیعرەیە کە نزیکەی 2900 ساڵ پێش مەسیح، شاعیری سۆمەری (دینجری دامو) بۆ (ئینتیهابی) ی خواژنی لیگش نوسیویەتی و دەی لاوێنێتەوەو دەڵێ:

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارو گەنجینەکان

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارەکەم جەرسو

(لیگش) و گەنجینەکان منداڵ لەجەرسوی پیرۆز لە ژیانی هەژاری دان

داگیرکەر گەیشتە ئارامگای هەرە مەزن

قەرالیچە گەورەکەی لە پەرستگایەوە دەرهێنا

ئەی گەورە ژنی شاری وەك بیابان و پڕ ترس

کەی دەگەڕێیتەوە!.

هەروەها توێژەرەوان و شوێنەوار ناسان، ئاماژەیان بۆ کۆمەڵێك بەرهـەمی ئـەدەبی نایـابی تۆمـارکراو لـە عێراقی کۆندا کردووە، هەر لە سەردەمی سۆمەریەکان و ئەکەدییەکان تا دەگاتـە سـەردەمی بابلیـە کۆنـەکان و ئاشـووریەکان، لـەناو ئـەو هـەموو بەرهەمانەشـدا تێکسـتی ئـەدەبی لـە بابـەتی لاواندنـەوە بەرچـاو دەکـەون، بەتایبـەتی لـە ئـەدەبیاتی سـۆمەریدا کۆمـەڵێك تێکسـتی تایبـەت بەلاواندنـەوە دەبینـرێ، وەك لاواندنـەوەکانی (گلگامش)ە بۆ (ئەنکیدۆ) ی هاوڕێی، داستانی ناوبراو چیرۆکی تێکۆشانی (گلگامش) دووبەش خواوەندو بەشێك لە مرۆڤ لە دژی مردندا دەگێڕێتەوە، کاتێك (ئەنکیدۆ) ی هاوڕێی نەخۆش دەکەوێت و دەمر یـت، (گلگـامش) بـۆ (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێ ی لاواندۆتەوە، کاتێك (ئەنکیدۆ) نەخۆش بـووەو لەسـەرە مەرگدا بـووە، هـەروەها لـەکاتی مردنیشدا بـۆی لاواندۆتـەوەو پاشـان بـۆ حـاڵی خـۆی لاواندۆتـەوە، کاتێـك کـە زانیویـەتی هـەمان چارەنووسـی هاوڕێکەی چاوەڕێی دەکات.

هەروەها ئەفسانەی (ئیزیس و ئۆزیس و سیتی بـرای) بـەناوبانگترین ئەفسـانەی میسـرییەکانەو شـوێنێکی تایبەتی هەیەو بۆتە جێی سەرنج و بایەخی نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمانی جا کاتێـك (سـیت) (ئـۆزریس) ی بـرای دەکوژێت بەو مەبەستەی بگات بـە (ئیـزس) ی خێزانـی (ئـۆزریس) دەبینێـت کـە چـۆن (ئیـزس) هاوسـەرەکەی دەلاوێنێتەوەو دەگری تا ئەو ڕادەیەی لە فرمێسکەکانی ڕووبارێك هەڵدەبەستێ. هەڵبەتـە مصـریەکۆنەکان ئـەم یادە وەك نەریتێك ساڵانە یاد دەکەنەوە.

# ڕێوڕەسمی شیوەن و شین و لاوانەوە لە ڕوانگەی ئیسلامدا

پرسی شیوەن و شین و لاوانەوە بەدرێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە، بەتایبەتیش لەسەردەمی جاهیلییەکاندا کەبە شیوەنی بەکوڵ و فرمێسکی بەخوڕ و قوڕبەسەر خۆدا کردن و لەخۆدان بە نەعل و جل دڕاندن لەبەرو پرچ بڕین پرسەکانیان بەڕێکردووە و ئافرەتانی سەردەمی جاهیلیش ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە لاواندنەوەی مردووەکان و کوژراوانی شەڕداو هەستی تۆڵە سەندنەوەیان لە دڵ و دەروونی خزم و کەسانی کوژراودا تەنیوەتەوە، بۆ تۆڵەی کەسە کوژراوەکە.

بەڵام لەسەردەمی دوای جاهیلی و لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا، تێڕوانینەکان بۆ ئەم پرسە گۆڕانکاریان بەسەر هات، چونکە ئاینی ئیسلام ئەم جۆرە رەفتارانەی ڕەتکردۆتەوە و داوا لە موسڵمانان دەکات کە ئارام بگرن، هەربۆیە خودای گەورە لە کتێبی پیرۆزی قورئان دەفەرموێت: [وأصبر على ما أصابك إن ذلك من عزم الأمور] (لقمان–17). واتە ئەگەر لە ڕوانگەی ئاینیەوە سەیری ڕێوڕەسمی شیوەن و شین و لاوانەوە بکەین ئەبینین کە بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامە.

لێرەدا شیعری لاواندنەوەش لای عەرەبەکان کەوتە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلام و ڕێنمایی یەکانی، بۆیە شعرەکان و ڕێوڕەسمەکان سیمایەکی تریان وەرگرت، کە مۆرکی ئیسلام و عەقیدەی ئیسلامی پێوە دیاربوو، وە پاداشی ئەو کەسانەی لەکاتی ناخۆشی و موسیبەتدا سەبر دەگرن لای خوای گەوریە و پاداشتی بۆ داناون، هەروەك دەفەرموێ: ( ولنبولكم بشيء من الخروف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرين الذين اذا اصابتهم مصيبة قالو انا لله و انا اليه رِاجعون اولئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة و اولئك هم المهتدون ) البقرة: ١٥٥ - ١٥٧ .

# شوەن و شین و لاوانەوە لە ناو میللەتی کورد

میللەتی کوردیش دیارە بێبەش نیە لە لاوانەوە و لەدێر زەمانەوە خاوەنی ئـەم کلتـورە بـووە بەڵگـەشمان بۆ ئەمە (مەم و زین) ی(ئەحمەدی خانی)یە کەلە بەشی (شین بۆ مەمێ) وێنەی ئەم شینە نیشان دەدرێـت کـە بۆ مەرگی (مـەم) کـراوە، کـە دیمـەنی شـێواوی شـارو ولآت پیشـان دەدات بـەهۆی مردنـی (مـەم) ەوەو چۆن خەڵکەکە بە ژن و بە پیاوەوە شین دەگێڕن و لەخۆ دەدەن، هـەروەها کوردناسـی ڕوسـی (ڕۆدینکـۆ) لـەبارەی لاواندنەوەی کوردی ئاماژەی بەم لاواندنەوەی (ئەحمەدی خانی) کردووەو بە نموونەیەکی هـەرە سـەرکەوتووی ئەدەبی لاواندنەوەی کوردی سەدەی حەڤدەهەم دادەنێ کە شیعرەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

ئەو ماتەمێیێ کوبا خەبەر بوو
ئەڤ ڕەنگەو بۆ مەنەو مەگەر بوو
کۆ جان کو ژ حەبسێ تەن جودابوو
فەریاد و فغان دشەهرێ ڕابوو
بۆ وەلولەو فغان و زاری
بۆ زەلزەلەو بەزین هەواری

# شوەن و شین و لاوانەوە لە ناو شیعری لیرکی

شیوەن و شین و لاواندنەوە هونەرێکە لە هونەرەکانی شیعری لیریکی کە تیایدا لاوێنەر یان شاعیر گوزارشت لە خەم و پەژارەکانی خۆی دەکات لەکاتی مردنی کەسێکی خۆشەویستی، لەبەر ئەوە بابەتێکی نزیکە لە خودی مرۆڤەوەو گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤەکانە، بنەمای لاواندنەوەش وەفاو خۆشەویستی و عاتیفەو ئەندێشەیەکی قووڵە، کە لە چوارچێوەی خەیاڵێکی سۆزدارانە بنیات دەنرێ و وێنەیەکی خەم ئامێزی جەرگبڕ درووست دەکات، بۆنمونە هێمن ی شاعیر لە شیعری (گەرمەشین) دا دەڵێ:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کەچوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم
بۆ هەموو پیرو جوانێکی لەسەر کوردستان
چوونە بن دارێ بەبێ ئەوەی کە بشلوێن دەگریم
بۆ کوڕێکی نەبەزیوی کە لەسەنگەر دا مرد
نەك بەسەر شۆڕی و بێ شەرمی لەسەر نوێن دەگریم.

# شیوەن و شین ولاواندنەوە لەڕوانگەی پێکهاتە و فۆڕم

جگە لە شین و لاواندنەوە ڕێوڕەسمی (چەمەری) و (کۆتەڵ) ، لەدێر زەمانەوە بۆ پیاو ماقوڵان و خانەدانان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کراوە، ئەم ڕێوڕەسمانە لەگەڵ ئەفسانە دێرینەکانی ولاّتی میزوپۆتامیا پەیوەندی هەیە بەتایبەت ئەفسانەی سۆمەرییەکان، لە زۆرناوچەی تریش ئەم ڕێوڕەسمی (کۆتەڵ)ە کراوە، واتە ئەو ئەسپەی مردووەکە خۆی لە ژیانیا سوارچاکی بوو، زین ئەکەن و جل و بەرگی مردوو ئەخەنە سەر ئەسپەکەو دەمانچەکەی پیا هەڵئەواسن و کلاّوەکەی لەسەر دائەنێن قوماشێکی ڕەشیش دەدوورن و بە ملی ئەسپەکەدا ئەگەر مردوەکە پیر بوو، خۆ ئەگەر مردووەکە گەنج بوو ئەوە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگ بە ئەسپەکەوە ئەدوورن و کلکی ئەسپەکە لەخەنە دەگرن و بەناو ئاوایيدا ئەگێڕن و مردووەکە ئەلاوێننە وەو باسی ئازایەتی و چاکی و جوانی و کردەوەکانی ڕابردووی ئەکەن.

شایەنی باسە لە کتێبی مێژووی شاری کۆیە نەجیبە خانی جەلیزادە باسی شین و لاوانەوە و شیوەن و کۆتەڵ ئەکات و ئەڵێت لەشاری کۆیە کۆتەڵکراوە بەتایبەتیش لەوکاتەی (عبدالصمد ئاغای رسول ئاغای غفوری) کۆچی دوایی کردووە، ئەم بەیتە شعریەیان بۆ نوسیوەتەوە و گوتوە کە دەڵێ:

لێدەن لە دەهۆڵ لە مەیتەر خانە
مەیتی کاك صمد لە خەستەخانە

## دەرەنجام

1. شین دەربرین و پیشان دانی  هەست و سۆزی ماتەم و دڵتەنگی خاوەن پرسەیە.
2. لاواندنەوە بریتییە لە گریان و شین و فرمێسك رشتن و گوزارشت کردن لە خەم و پەژارە.
3. شین و لاواندنەوە بۆ یەك مەبەست دەوترێن بە جیاوازی لە( فۆرم، زمان، لایەنە هونەری).
4. شین و لاواندنەوە بەشێکی هەرە گرنگی کەلتووری هونەری و ئەدەبی کوردییە.
5. لاوانەوە تەنها تایبەت نیە بە پرسە بۆ ڕوداوە کان و وێرانکاری و نەهامەتیەکانیش دەبێ.

## پێشنیار

دیراسەکردنی شین و لاوانەوە لەپرسەکاندا لە ڕوانگەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجی، بۆ پاراستنی لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی.

## ڕاسپاردە

کردنەوەی خانەیەکی تایبەت بە دیراسەکردن و توێژینەوە لە ڕێو ڕەسمەکانی پرسە.

# سەرچاوەکان

1–ئاشنا جلال رەفیق: لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم ، 2014 .

2–ئەسعەد عەدۆ: کەلەپوری کوردەواری، چاپی یەکەم، هەولێر، بەهاوکاری دەزگای توێژینەوە و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، 2015.

3–بوار نورەدین: دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،2004.

4– شوکریە رسول: رێورەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، ئۆفیس کریستاڵ، هەولێر ،1997.

5–د.سابر بۆکانی: پێکەنین و گریان سایکۆلۆژیای تاك و کۆمەڵگای کوردی، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی ،2016.

6–مارف خەزنەدار: میزووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزکای ئاراز، هەولیر، 2013.